حەمەکەریم عارف

# بە قەڵەمی خۆت دەژی؟
# چ بکرێ کە نووسەر بە قەڵەمی خۆی بژی؟

سیاسەت لە دێر زەمانەوە، هەوڵیداوە هەموو بوارەکانی ژیان بخاتە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی خۆیەوە..ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی و قەڵەم یەکێکە لەو بوارو کایە زۆر هەستیار و گرنگانەی کە سیاسەت تەماحی تێکردووەو هەوڵی ڕاوکردنی داوە وهەمیشە لە بۆسەدا بـوە بۆی...هەر قەڵەمێك، بە تایبەتی قەڵەمی ئیبداعی و جددی لەگەڵ ڕەوش ورەوتی هەر دەسەڵات و سیاسەتێکی دەسەڵاتڕان نەبووبێ، ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەربەرەکانی کراوە، بەر هەرەشەی سیاسەت کەوتووە، تەنانەت باوەڕە ئاینییە زەمینی و ئاسمانییەکانیش کە لە سیاسەت و سیاسەتبازی بەدەر نین، ئەمەیان کردووە.. ئێمە لەسەردەمێکی هێندە جەنجاڵ و تێکچرژاو و فرە پەیوەندیدا دەژین کە پیاو دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە تاکی سەربەخۆ ڕوو لە کزی و نەمانە..!!

ئەدەبیات و نووسین لە بنەرەتدا لەسەر بناغەی ئەمانەتداری و ڕاستگۆیی ڕۆدەنرێت، هەرنووسینێك، بە تایبەتی ئەدەبیات ڕاستگۆیی تێدا نەبێت، ڕیاو دوو ڕوویی و ڕووبینی بکات بە بناغەی خۆی نە کاریگەری ڕۆشنبیریی دەبێت و نە بایەخی مێژوویی. قەڵەم وەختێ دەتوانێت ڕاستگۆ بێت کە دەسکەلای هیچ حیزبێك نەبێت و هیچ قاڵبێك قەبووڵ نەکات، وهاندەرێکی ڕۆحی بابەتەکەی خەمڵاندبێت، واتە ڕاستگۆیانە ئەندێشەو هەست و سەرنجە تیژەکانی خۆی لە ئاوێنەی پەیڤی ئەفسووناویدا نواندبێت...

دەسەڵات و ئازادی فیکری وەکو ئاو وئاگر وان، پێکڤە هەڵناکەن. بۆیە دەسەڵاتی سیاسی نەك هەر دەربڕینی بیرو ڕا کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو کۆمەڵە مەرجێکی پێشوەختەش بۆ خەون و خەیاڵ و بیرو بیرکردنەوەی جەماوەریش دادەنێت.. دەست دەخاتە ژیانی عاتیفی و ڕەفتاری خەڵکیشەوە..دەسەڵات دیەوێ هەموو شتێك بخاتە ژێر سانسۆر و چاودێری خۆیەوە، سەر لەبەری ژیان لە قاڵبی خۆی بدات، ونووسین و ئەدەبیاتش بە تەبیعەتی خۆی قاڵب شکێنە و چوارچێوە قبووڵ ناکات. کە چوارچێوەی قبووڵکرد دەپوکێتەوە، جەماوەری خۆی دەدۆڕێنێ و بازاڕی کەساد دەبێت..و خاوەن قەڵەم دەکەوێتە پەراوێزی ژیانەوە، لە کاتێکا قەڵەم داینەمۆی ژیانە، ئەدەبیات مێژووی ڕاستەقینەی بەشەریەتە، بۆیە بەربەرەکانی دەسەڵات ڕیسکە، ڕیسکی مان و نەمانە، ڕیسکی پاراستنی ئابڕووی ئینسانە کە تەنیا ئەدەبیات لە عۆیەی دێت و شانی دەداتە بەر.. کاکە جەمال، با لە بابەتەکە دوور نەکەومەوە، لە هەرێمی کوردستاندا نەك من کە تا ئیستا خاوەنی سەدو دوو(١٠٢) کتێبم، کەس بە قەڵەمی خۆی ناژی، کتێب وەختێ دەبێ بە سەرچاوەی ژیان کە بە قەد نان پێویست بێت، کە ڕۆحی تینووی خوێنەر پاراو بکات..بۆیەش کەس بە قەڵەمی خۆی ناژی چونکە لە هەرێمی کوردستاندا هەموو شتێك حیزباوی کراوە، و جەماوەری خەڵکیش بە ئاشکرا لە حیزب بێزارە، بۆیە بە گومانەوە دەڕواننە هەموو قەڵەمێك.. تا نووسەرێك دەبینن و دەناسن، تووشی

دەیان "نۆسەر"ی چەواشەکار دەبن و کاتێ وەئاگا دێنەوە کە خەڵەتێنراون، ئیدی لە خوێندنەوە تەوەلا دەبن و نووسینیان لەبەرچاو دەکەوێ..

چ بکرێ؟!تۆ تەمەشا لە هەرێمی کوردستاندا، کە بە هەموو شارو شاروچکەکانی و بە گشت خەڵکەکەیەوە ناکەنە یەك گەڕەکی هەندێ شاری دنیا، پتر لە هەزار بلافۆك و کەناڵی میدیایی و بەناو رۆشنبیریی هەیەو هیچ بزوتنەوەیەکی رۆشنبیریی جددی دروست نەبووە، ئەگەر نیمچە بزوتنەوەیەکیش بەدی بکرێت، ئەوا زۆڵەك و بێناسنامەیە...هیچ گوتارێکی کاریگەریی نییە...چونکە ئاشکرایە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بڵاڤۆکانە دوکانی کەلتووربازییە و کۆلکە "سیاسەت نەدارێکی "دەسەڵاتداری لە پشتە، یانی گەندەڵییە سیاسی و ئیداری و داراییە کوشندەکە بوارە رۆشنبیرییەکەشی گەناندووە..دەچیتە دەزگایەکی رۆشنبیری بە هەزار ترو منەت تا کتێبێکت بۆ چاپ دەکات دیقت پێدەکات و کە چاپیش کرا بەرزترین نرخی لەسەر دادەنێت!!، بێئەوەی تاقە دینارێکت پاداشت بداتێ، وەکو ئەوەی بە ورتکە نانی ماڵی بابی ئەو گەورە بووبیت، بە هەزار منەت وشاباش بیست سی نووسخەت وێدەدات، جا توخوا ئەگەر ئەمە قەرسەنەی رۆشنبیریی نەبێت چییە؟!...من نووسەر دەناسم بە مەراقی چاوەڕوانی کتێبەکەیەوە مردووە!و ئەو ئاواتەی بردووەتە گڵەوە... ئەمە حاڵەکەی لای ئێمەیە ،کەچی لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتدا کە گوایە سیستەمێکی دکتاتۆری بەرێوەی دەبرد نووسەرانیان لە ساڵێکدا شەش هەیڤان موتەفەریغ بوون...جا تۆ وەرە بە یاسا و بەرنامە ئەم هەزار و هەندە بڵاڤۆکە کەم بکەوە بۆ پازدە دانە، هەر شارە و پێنج دانە زیاتر هەڵناگرێت، ئەم شارە بچووکانەی ئێمە پێنج دانەیان لێ سەرو زیادە، بزانە هەنگێ چۆن قەڵەمی جددی و ناجددی جیا دەبنەوەو ئەم پاشا گەردانییە دەڕەوێتەوەو خاوەن قەڵەمی جدی و خوێنەری جددی ئاشت دەبنەوەو یەك دەگرنەوەو گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانی دەژێتەوەو نووسەری ئەندازیاری وێژدانی بەشەر، بە قەڵەمی خۆی دەژی وبزووتنەوەی رۆشنبیریی ڕەسەن و بە ناسنامە دروست دەبێت و "نۆسەران"ی پەنای بەرپرسە گەندەڵەکان، وەکو کەوی بەزیوو دەچن!!..هەڵبەتە هەر قەڵەمێکی راستگۆ بگریت، چەندیش متەوازیع بێت لە زۆر بە ناو سیاسەتوان، نیشتمانپەروەرترە..بەرپرسانی کورد بە "نۆسەران" شەڕی نووسەرانی ڕەسەنی خودان گوتار دەکەن..ئەی ئافەرین سیاسەت....خۆ وەزارەتی رۆشنبیری و یەکێتیی نووسەران و سەندیکای رۆژنامەنووسان تا زووتر دابخرێن درەنگە...